کەشناسی: تاوکو ئەوارەی ئەمڕۆ شەپۆلی خۆبارین بەردەوامبێت



ئەمڕۆ سەرەتا ، دەستەی کەشناسیی عێراق پێشبینیدەکات ئەو شەپۆلە خۆبارینەی عێراق و هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە تاوکو ئەوارەی ئەمڕۆ بەردەوامبێت.

بەگوێرەی پێشبینیەکانی کەشناسیی، ئەمڕۆ لە زۆربەی ناوچەکان بەشێوەیەکی گشتی ئاسمان سامانێ دەبێت، بەڵام لەناوچەکانی باکوور ئاسمان هەور و هەندێک کاتیش نیمچەهەور دەبێت، لە هەوڵێر و سلێمانی و دهۆکیش پێشبینی تاوباران و هەورەبروسکە دەکرێت.

هەروەها، شەپۆلی خۆبارین کە چەند رۆژێکە ناوچەکەی گرتووەتەوە، تاوکو ئەوارەی ئەمڕۆ بەردەوامدەبێت، لە هەندێک ناوچەش مەودای بینین لەنێوان سێ بۆ پێنج کیلۆمەتر دەبێت.

هاوکات بەهۆی کاریگەریی خۆبارینەکەوە، دەیان هاووڵاتی لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان و 207 هاووڵاتی لە شاری کەرکوک ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون، لە عێراقیش بەهەمان هەژمار زیاتر لە 700 کەس براونەتە نەخۆشخانەکان.